ڕاپۆرته هەواڵ بەشی 2:

# ژنانی کوردی بەشدار بووی شاری دێڵفت
# له مەشقی کاری خۆبەخشی شاری دەنهاخ
# پڕۆژەی هەزار و یەک توانا

ڕاگەیاندنی یانەی کوردی "میدیـــا"



لەم بەشەی تری ڕیپۆرتاژەکەماندا، بە پێویستمانزانی گرووپێکی چالاکی بەشدار بوو لە ژنانی کورد لە شاری دێڵفتەوە بە سەرپەرشتی خاتوو تانیا فەتاح بەرپرسی کەرتی دێڵفتی یەکێتیی ژنانی کوردستان لە هۆڵەندە، کە لە ڕۆژانی 20 و 21 ی ئۆکتۆبەری 2007 بۆ 15 ژنی کوردی شاری دەنهاخ و دەوروبەر لە هۆتێلی گەشتوگوزاری Hotel Mercure Den Haag Central بەڕێوە چوو، بەسەر بکەینەوە و هەمان ئەو پرسیارانەیان بەرەو ڕوو بکەینەوە..

پ 1: تا چەند سوودمەند بوویت لەو مەشق و ڕاهێنانە، چی نوێت لێوەرگرت، حەزت دەکرد باسی چی تری تێدا بکرایە...؟

پ 2: تا چەند ئەم کۆرسانە بۆ ژنانی کورد پێویستە لە تاراوگە....؟

### *خاتوو تانیا فەتاح:*

زۆر سوپاسی ڕێکخراوی "میدیـــا" دەکەم، بۆ ئەو دەرفەتە جوانەی بۆژنانی کوردی ڕەخساند لە تاراوگە، لە کۆرسێکی وا بەسوود دا بەیەک بگەن.

من بەشبەحاڵی خۆم، زۆر سودمەندبووم، هیوادارم بتوانرێت چەندین کورسی لەم جۆرە و بۆ بابەتی تری گرنگ و چارەنووسشز بۆ ژنانی کورد ڕێکبخرێت، تا بتوانن ڕۆڵی شیاوی خۆیانی تێدا ببینن.

کۆرسەکە گەلێک چڕوپڕ و ڕۆشنبیری بوو بۆ ژنان و وای لێکردین، زیاتر لێکدی نزیک بینەوە و بڕوا و متمانەی زیاتر لە نێوان ئەو ژنانەی بەشداریان کردبوو دروست ببێت و وای لێکردین بتوانین خاڵە پۆزەتیف و نیگەتیفەکانی خۆمان چۆن بمانەوێت لە کۆرسەکەدا ڕاشکاوانە بدرکێنین، ئەمەش مانای ئەوەی دەگەیاند، ئەم مەشق و ڕاهێنانە بووە هۆی ئەوەی زەمینەی بۆ خۆشکردین، بتوانین هەنگاو بۆ گۆڕانکاری لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمان بنێین و بەرەو پێشەوە بچین و هەست بکەین شان لە شانی ژنانی جیهان دەدەین و هیچمان لەوان

کەمتر نییە.



بەڕاستی گەلێک زانیاری سادە و ساکاری ئاسایی ئەوتۆ، هەبوو ئێمە خۆمان دەمانزانی فێر بووین چۆن پراکتیزەیان بکەین، کە لە کلتوری خۆمان لاماندا نوێیە و بەلامانەوە گران و نەنگ و شورییە، باسیان بکەین بۆ نموونە:

1- هەموو ڕاستیەک وەک خۆی بووترێت، پێویست نەکات درۆ یان پێچ و پەنای بۆ بکرێت.

2- من پێشنیارم کرد، کە ژنی کورد ناتوانێت ووشەی NEE نەخێر بەکار بهێنێت. ئەگەر ئەو کارە لە توانای خۆمان و لەگەڵ باری گونجاوماندا ڕێک نەکەوێت، هەر ناتوانین بڵێین نەخێر و بە شوورەیی دەزانین، لە کاتێکدا بە زانیارییەک بڵێین نازانین، تەنانەت ناتوانین هەستی خۆمان بەرانبەر یەکدی دەربڕین و بگەین بە هەستی یەکدی و دڵگران دەبین ئەو هەستە بۆ یەکدی ڕوونکەینەوە... نازانین بۆچی ناتوانین یارمەتی یەکدی بدەین...؟

کۆرسەکە بەم شێوەیە جگە لە ڕاهێنانی مامۆستای ڕاهێنەر لە نێوان خۆشماندا بووە، ئاخاوتن و بیروڕاگۆڕینەوەی بە سوود و لێکدی گەیشتن.

خاتوو نەسرین عەباس ئیبراهیم بەم جۆرە وەڵامی داینەوە:

تارادەی ئاشنا بوون بەدەستوورەکانی کاری خۆبەخش و بەکارهێنانی بنەماکانی کارکردن تەگەڵ کەسانی دەووروبەر بە تایبەت وڵاتێکی وەکو هۆڵەندە، کە بە وڵاتی ڕەنگاڵە Multicultur ناسراوە.

چی نوێمان لێ وەرگرت...؟

زیاتر لە لایەنێک:

لایەنی زانستی ڕاهێنانەکە (training)، چەندین خاڵی نوێی پێناساندین لەوانە پرنسیپی کاری خۆبەخشی بە هەموو لق و لایەنەکانی دانانی پرۆگرام (Program) بەرنامە، لە کاری ڕۆژانەدا و داهاتووی دوور و نزیک و دەست نیشانکردنی ئامانج (Doel) و چۆنیتی گەیشتن بەو ئامانجانەی لە ڕێگەی شیکردنەوەی باری سایکۆلۆجی کەسی خۆبەخش لەگەڵ کەسانی بەرامبەر، پابەندبوون بە بڕیاری کۆنکرێت(Concret) بۆ گەڕانەوەی کات ئەم لایەنانە بە گشتی لە ڕووی زانستییەوە پێی دەوترێت (Feedback) ئەمە جگە لە لایەنی زمانەوانی و فێربوونی چەندین برگە و ووشەی و زاراوەی نوێی سەردەم کە بەکاردێن لە بواری کاری خۆبەخشیدا.

* لایەنی کۆمەڵایەتی و پیشەیی ئەم مەشقە(training)بەڕاستی دەرفەتێکی بەجێ بوو بۆ دۆزینەوەی خوودی کەسایەتی لە بواری هەڵبژاردنی ئەو کارەی کە لەگەڵ توانای (Mental) عەقڵ و جەستەیی و هەستیاری هەر

کەسێکدا بگونجێت.

* بۆ وەڵامی حەزت دەکرد باسی چی تری تێدا بکرایە...؟

ئەوەیان بە حەز ویستی ئێمە نەبوو، چونکە بنەماکانی داڕشتنی ئەو مەشقە(training) فلیکسەبڵ نەبوو، خۆی بە پرۆگرامێکی تایبەتی بەڕێوە دەچوو کاتی دیاریکراویشی هەبوو، هەستی تایبەتی و بۆچوونی تاکە کەسی هیچ رۆڵێکی نەبوو لە گۆڕینی بنەماکان و پرۆگرامی مەشقەکە، ئەوەندە نەبێ کە لەو کاتە تایبەتیەی کە بۆ هەر کەسێکمان تەرخان کرابوو بۆمان هەبوو کە بە پێی بۆچوونی تایبەتی وەڵامی پرسیارەکانیان بدەینەوە، یاخود خاڵەکان شیبکەینەوە.

* تا چەند ئەم کۆرسانە بۆ ژنانی کورد پێویستە.

توانای ژنی کورد هیچ کات بەدەر نییە لە توانای ژنانی لێهاتوی دنیا، لە ڕووی زیرەکی و توانای فێربوونی هەموو نوێگەریەک، نەک تەنها لە بواری فێربوونی کاری خۆبەخش ئەوەندە نەبێ، کە ئەم کۆرسە تێگەیشتن و فێربوونی زیاتر کرد، لە ڕاستی ژیانی ڕۆژانە لە تاروگە و پتەوکردنی کەسایەتی ژنان و زیاتر واقیعی بوونیان لە ئەنجامدانی کاری ژیانی ڕۆژانە و گرێدانی ئەو واقیعە بە کۆمەڵگاوە، دوور لە کاریگەری هەستی تایبەت و سۆز و عەیبە.



## خاتوو ڕاشیدە خان :

بە تەمەنترین ژنی کۆرسەکە بوو بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە، خۆشحاڵ بووم کە بەشداری ئەو مەشقە گرنگەم کرد، هیوادارم هەمیشە لە بیرم نەکەن و هەموو جارێک بانگم بکەن سوپاستان دەکەم.

## خاتوو تاڤگە:

سەرەتا دەستخۆشی بۆ یانەی کوردی "میدیـــا"، بۆ ڕێکخستنی ئەم جۆرە خولە بۆ ژنانی کورد لە هۆڵەندە و سوپاس بۆ یەکێتیی ژنانی کوردستان،
بە هیوام ڕێکخراوە کوردیەکان، ژنانی کوردیان بیربێت و تەنها ژالاگی بۆ پیاوان نەکەن.

## خاتوو نادیە خان:

به لای منەوە ئەم جۆرە بەیەکگەیشتنانە، گەرمووگوڕیی و نزیکبوونەوەیەک لە نێوان جالیەی کورد دروست دەکات، دەبێتە بنەمای پەیوەندیەکی پتەو و توکمە، ئەوەش درێژدەبیتەوە ناسیاوی لە نێوان منداڵەکانمدا دروست دەکات ئەوەش دەبێتە هۆی ڕۆچوونی هەستی نەتەوایەتی بۆیان و پارێزگاری لە ناسنامەی کوردیمان.

## خاتوو هناء خان:

بەڕاستی کۆرسە جێگەیەکی تایبەتی لای هەموومان بەجێهێشت هەندێ لەو بەڕێزانەمان لێرە ناسی بە دڵ هەستمان دەکرد، زۆر لە یەکدی نزیکین، هیوادارین دووبارە بێتەوە و دوا کۆرس نەبێت.